# مێزەکە فەرمانی دەرچونەکەم لەسەرهەڵگرت

**ئازاد بێباک**

ئەمساڵ لە رۆژی جیهانی کتێبدا " تۆفیق عەبدول" کە تائێستا چەندین کتێب و کورتە چیرۆکی لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگێراوە، لەوەرگێڕانی رۆمانی [ نەونەمامە لەچکە سورەکەم } دا خەڵاتی باشترین کتێبی وەرگێڕدراوی وەرگرت .

ئەمە ئەو مانشێتەیە کە رۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسیویەتی . لە راستیدا زۆر تامەزرۆبووم کە ئەم رۆمانە بخوێنمەوە چونکە زۆرترین ریکلامی بۆ کراوە . ئەوەبوو لە رێگەی سایتی دەنگەکانەوە ئەم رۆمانەم کەوتە بەرچاوان و بە خێرایی لەسەر کۆمپیتەرەکەم سەیڤم کرد و دەستم بە خوێندنەوەی کرد .

لەدێرەکانی سەرەتایەوە هەستم کرد کە غەدرێکی گەورەی زمانەوانی لە خوێنەرانی رۆمانەکە کراوە . وەرگێر نەک بایەخی بە کردار و سەربار و بکەر نەداوە ، هەر سەریشیان لێدەرناکات ، بەڵام ئینگلیزیەکی باش ئەزانێ و ئەتوانێ نووسراوەکانی وەرگێڕیتە سەر زمانی کوردی ( بۆ تێگەیشتن نەک بۆ شێوەی زمانی ئەدەبی) .

مێزەکە فەرمانی دەرچونەکەم لەسەر هەڵگرت . حەزم ئەکرد بدەم بە دەمیا ، دەرگاکەم لەدوای خۆمەوە پێوەدا و رۆیشتمەوە بۆ خەوتنگەکەم . لە شەکەتیدا خۆمدا بە زەویدا. هەموو سروشت بەراکردن ئەهات بە پیرمانەوە .

هاوڕێکەم جارێکی تر خۆی دایەوە دەست لێکدانەوە . ئەمانە هەندێ لەو رستانەن کە کاکی وەرگێڕ دەرخواردی خوێنەرانی داون . ئەمانە و سەدان رستەی لەم بابەتە چنراون و شانازیشیان پێکراوە و خەڵاتیشی پێوەرگیراوە .

لە خوێندنەوەی رۆمانەکە بۆت دەرئەکەوێ کە ئەو لیژنەیەی خەڵاتەکەی دەستنیشان کردووە ، پاڵێویەتی و هەڵیبژاردووە یان برادەرایەتیان رەچاو کردووە یان رۆمانەکەیان نە خوێندۆتەوە یان لە رێزمانی کوردیدا کۆڵەوارن .

لە ماوەیەکی نزیکدا هەوڵ ئەدەم پێداچونەوەیەک بە رستەکانی ناو رۆمانەکە بکەم و هەڵەکانیان بخەمە بەرچاو ، هەرچەندە ئەگەر هەموویان بنووسمەوە لەوانەیە بەقەد رۆمانەکەی لێدەربچێت. لە دوا وشەدا ، ئەڵێم کاکی وەرگێر، وێرگوڵ و خاڵ و خاڵبەندی و دوابەند ناناسێت و رۆمانیش وەرئەگێرێ و خەڵاتیش وەرئەگرێت .

سڵاو لە وەرگێڕ و لیژنەی خەڵات پێدان .